# قادر عەزیز – سکرتێری حیزبی زەحمەت کێشانی کوردستان :

## ئەگەر کار وا بڕوات ماددەی (140) لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ ناکرێت

دیمانە\ ئاسۆ

دەربارەی دوا پەرەسەندنەکانی رەوشی شاری کورکوک و جێبەجێکردنی ماددەی 140 و ئەگەری گەرانەوەی ئەو شارە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەم دیمانەیەمان سازکرد لەگەڵ بەرێز کاك قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و نوێنەری سەرۆکی هەرێم بۆ چاودێرییکردنی ماددەی 140 و رەوشی شاری کەرکوك ئاسۆ : وەك ئاگادارین گۆڕانکاریی لەلیژنەی ماددەی 140کراوە وەك دانانی نوینەری بەرەی تورکمانی و وەزیری لاوانی عێراقیش کراوە بەئەندام لەو لیژنەیەدا کەپێشتر ئەندام نەبون لەدوای ئەم گۆرانکارییانە لەشەقامی کو ر دیدا نیگەرانی پەیدابوە و ئەوپرسیارە هاتۆتە گۆرێ کەحکومەتەکەی مالیکی بەرێگە یەکی تر کاردەکات بۆلە ناوبردن و جێ بەجێ نەکردنی ماددەی 140 لەکەرکوك دا من پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا تاچەندئەم نیگەرانی و ترسە لەحکو مەتەکەی مالیکی لەجیگای خۆیدا یەتی ؟



قادرعەزیز/ وەزیری لاوان(جاسم محەمەد) خۆی ئەندامی لیژنەکەیە بەڵام مالیکی بۆدەرپەڕاندنی سەرۆکی لیژنەکە (هاشم ئەلشبلی) کەهەڵوێستێکی باش و بێلایەنانەی لەجێبەجێکردنی پرۆسەکەدا هەیە، ئەوی کردووە بەنوێنەری تایبەتی خۆی لەلیژنەکەدا، هەروەك ئەندامێکی بەرەی تورکمانیشی خستۆتە ناو لیژنەکە، ئەمە جگە لەسەرفنەکردنی بودجەی لیژنەکە، کەئەمانە هەمووی بۆئاستەنگکردنی کاری لیژنەکەیەو بۆئەوەیە کە پرۆسەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێنەکرێتو دواجار درێژکردنەوەی ماوەکەیە، یادواخستنی پرۆسەکە وەك ئەوەی واقیع بەسەر کورددا بسەپێنێت، بۆیە نیگەرانی شەقامی کوردی زۆر لەجێگەی خۆیەتیی و ئەگەر کار وا بڕوات ماددەی (140) لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ ناکرێت، کەئەمەش دوورکەوتنەوەی ئومێدی کوردە لەگەڕانەوەی کەرکوك و ناوچەدابڕاوەکانی تر بۆسەر هەرێمی کوردستان، بەلاّم ئەوەی جێگەی داخە بێدەنگی و بێ هەڵوێستی پارتی و یەکێتییە لەم مەسەلە گرنگ و چارەنووسسازەدا. لەکاتێکدا ئەوان دەتوانن فشاری زۆر بۆ نوری ئەلمالکی بهێنن و ناچاری بکەن کەپرۆسەکە لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکات، چونکە ئەمەی ئەلمالیکی پێشێلکردنێکی زەقی دەستوورو تەنانەت بەرنامەی کاری حکومەتەکەی خۆیەتی کە ماددەی (140) وەك بەشێکی گرنگ لەو بەرنامەیەدا جێیکراوەتەوەو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقیش دەنگی بۆداوە، دیارە کوردیش هەر لەسەر بنەمای جێکردنەوەی ماددەی (140) لەدەستوور کەبەشێکی گرنگ لەمافەکانی لەخۆ دەگرێت، دەنگی بۆ ئەو دەستووورە داوەو یەکێتیی و پارتیش لەسەر بنەمای جێکردنەوەی

ماددەی (140) لەبەرنامەی کاری حکومەتی ئەلمالکی بەشداریان لەو حکومەتەدا کردووە، بۆیە لەرووی دەستوورییەوە کورد ئەگەر بیەوێ زۆر شتی پێدەکرێت.ئاسۆ: لەنێوەندی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردستاندا ڕەخنەو گازندەی ئەوە هەیە کە کاری جدی نەکراوە بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 ئەمە لە کاتێکدا بەپێی دەستور پێویستە تاساڵی (2007) کیشەی کەرکوك و ناوچە تازە ڕزگار کراوە کان چارەسەر کرابێت دومانگی تر دەچینە نێو ساڵی 2007 دەمەوێت بپرسم تائێستا لیژنەی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 لەم ڕاستایەدا چ هەنگاوێکی بەرەو پێش ناوە ؟قادرعەزیز / لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی (140)ی دەستوور لە(2006/8/9)دا دامەزراوە، لەم (3)مانگەدا جگە لەهەندێ کاری ئیداری وەك دروستکردنی چەند لیژنەیەك و دامەزراندنی (3)ئۆفیس لەکەرکوك و خانەقین و شەنگار، تەنها سەردانێکی کەرکوکی کردووە.سەبارەت بەچۆنیەتی جێبەجێکردنی ماددەی (140)، لەگەڵ پارێزگارو ئەنجوومەنی پارێزگاری کەرکوك کۆبۆتەوە، لەم (3)مانگەدا لەمەزیاتر لیژنەکە هیچی تری نەکردووە، ئەوا ماوەیەکیشە بەهۆی دواکەوتنی بودجەکەو بەهۆی ئەو دەستکاریەی کە نوری ئەلمالکی لەلیژنەکەدا کردە، کاری لیژنەکە وەستاوەو هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجام نەداوە، بۆیە وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەگەر کار وابڕوات ناتواندرێ پرۆسەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێبکرێت کە دیارە هەر ئەوەش مەبەستی دەسەڵاتدارانی بەغدایە لەکارەکەدا.ئاسۆ : ماسمیدیا ڕۆڵێکی گەورەو گرنگ دەبینێت لەوروژاندن و چارەسەر کردنی کێشەکاندا .کەرکووك و ناوچە تازەڕزگار کراوە کان بوکوردستان با یەخ و گرنگی تا یبەتی هەیە پێتانوانییە مێد یای کوردیی بەتایبەتی مید یای دەسەڵات لە م ڕووەوە کەم تەرخەم بووە .؟قادرعەزیز / میدیای کوردی بەتایبەتیش میدیای دووحزبەکە لەبەر ئەوەی خیتابە ئیعلامییەکەیان حزبییە زیاتر لەوەی خیتابێکی کوردی بێت و بتوانێ کۆدەنگییەك لەدەرەوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی وەك گێڕانەوەی کەرکوك و ناوچەدابڕاوەکان بۆسەر کوردستان دروست بکات، بەڵام ئیستە ماوەیەکە میدیای کوردی هەڵمەتێکی گەورەی دەستپێکردووە سەبارەت بە هوشبارکردنەوەی خەڵك بەمافەکانی خۆی و پێویستی جێبەجێکردنی ماددەی (140)ی دەستوورو رەواندنەوەی نیگەرانی پێکهاتەکانی تری کەرکوك لەجێبەجێکردنی پرۆسەکەو لەبەیەکەوە ژیانی برایانە لەگەڵ کورد لەم شارەدا، کەئەمەشیان بۆئەم قۆناغە زۆر گرنگەو یارمەتییەکی زۆری سەرخستنی پرۆسەکە دەدات و جێگەی سوپاس و پێزانینی رۆڵی کوردانەو بەرپرسانەی ئەو راگەیاندنەیە لەراپەڕاندنی ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیدا.ئاسۆ: دوای شکستی کۆمارییە کان لەهەڵبژاردنی کۆنگرێسی ئەمریکا پێدەچێت ئەمریکاپاش یەك دوساڵی تر عێراق بەجێ بهێڵێت ئەمە لە کاتێکدا عێرا ق بە بارو دۆخێکی دژوارو ترسناکدا تێدە پەڕێت دوا کەوتنی ماددەی 140 لەم بارودۆخە تەمو مژاویەدا بەزیانی گەورە ناشکێتەوە ؟دەمەویت بپرسم بۆخێرا کرد ن و جێ بەجێ`کردنی ماددەی ( 140) چ کارێك لە ئەولەو ییەتی کارە کا نتانە ؟ قادرعەزیز / ئیستە تا ئەمریکا لەعیراقەو حکومەتی بەغداش لەوپەڕی بێ هێزی و بێتوانایی دایە، باشترین دەرفەتە کەکورد بتوانێ لەم کاتەدا کارێکی وابکات کە ماددەی (140) لەکاتی خۆیدا جێبەجێبکرێت، کە بەمەش کەرکوكو ناوچەدابڕاوەکانی بۆ دەگەڕێتەوەو خاکی پارچەپارچەکراوی خۆی بۆیەکەمین جار لەمێژووی عیراقدا یەکدەخاتەوە، خۆئەگەر لەئیستەشدا کورد نەتوانێ ئەوەبکات، ئەوە دڵنیابە کەس نازانێ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بارودۆخەکە چۆن دەگۆڕێ و چەند لەزەرەر یان بەرژەوەندی کورددا دەبێت، بۆیە ئەمەی ئیستە دەرفەتە کەهیوادارم وەك دەرفەتەکانی تر لەکیس نەدرێت، چونکە هیچ کاتێك دەرفەتی وامان بۆنایەتە پێشەوە، بۆیە ئەگەر ئیستا کەرکوکمان بۆنەگەڕێتەوە ئاسان نییە لەکاتێکی تر بۆمان بگەڕێتەوەو هەر دواخستنێکی پرۆسەکەش بەزەرەرێکی گەورەی کورد تەواو دەبێت.سەبارەت بەخێراکردن لەجێبەجێکردنی ماددەی (140)و ئەولەویەت لەکارەکە مندا وەك لەبەشی دووەمی پرسیارەکەدا هاتووە، دیارە کارەکەی بەمن سپێردراوە زیاتر کاری بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی (140)ی دەستوورە، بەڵام ئەوە بەومانایە نییە کەخۆشمان ناتوانین بەشداری لەجێبەجێکردنی

ماددەکەدا بکەین، وەك ناردنەوەی ئەوەی ماوە لەئاوارەکانی کەرکوك و یارمەتیدانی ئەو ئاوارانەی کە پێشتر گەڕاونەتەوەو ئیستە ژیان و گوزەرانیان خراپەو گێڕانەوەی عارەبی هاوردە(عەرەبی تەعریب)و قەرەبووکردنەوەیان، بەتایبەتی ئەوانەی کەئیستە خۆیان ئامادەی گەڕانەوەن، ئەمانە لەئەولەویەتی کارەکەی مندان بەلاّم هەرهەمووی بەپارە دەکرێت کە تائیستەش یەکێتیی و پارتی لەو بارەوە هیچیان دیار نییە.